خوای گەورە -هێندەی- چاکەیەک ستەم لە ئیماندار ناکات، بەهۆیەوە پێی دەبەخشێت لە دونیادا و لەسەری پاداشت دەدرێتەوە لە قیامەتدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە -هێندەی- چاکەیەک ستەم لە ئیماندار ناکات، بەهۆیەوە پێی دەبەخشێت لە دونیادا و لەسەری پاداشت دەدرێتەوە لە قیامەتدا، وبەڵام کافر پاداشت دەدرێتەوە بەهۆی ئەو چاکانەی کردوویەتی لە پێناو خوای گەورە لە دونیادا، هەتاوەکو ئەگەر بگاتە قیامەت هیچ چاکەیەکی نیە کە بەهۆیەوە پاداشت بدرێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرزڵی خوای گەورە لەسەر ئیمانداران وادەپەروەری بەرامبەر کافرەکان ڕوون دەکاتەوە. سەبارەت بە ئیماندار پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کەم ناکرێتەوە کە کردوویەتی؛ بەڵکو لە دونیادا چاکەی پێدەبەخشرێت بەهۆی گوێڕایەڵی بۆ اللە، وهەروەها پاداشت دەدرێتەوە لە قیامەتدا؛ ولەوەیە لە قیامەتدا هەموو پاداشتەکان وەربگرێت ولە دونیادا وەری نەگرێت. وسەبارەت بە کافر ئەوا خوای گەورە لەسەر کردەوە چاکەکانی پاداشتی دەداتەوە لە دونیادا، هەتاوەکو کاتێک دەگاتە قیامەت هیچ پاداشتێک وەرناگرێت؛ چونکە کردەوەی چاک کە سوودی هەیە لە هەردوو دونیادا دەبێت ئەنجامدەرەکەی ئیماندار بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65015

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee